# سەفەرکردن بە عارەبانە



کارزان رەحمان

## دوایین کۆڵان لە ژوورکەم دا

1

لە سەرەوە

چاوەڕێی کەس نیم

لە خوارەوە

2

بەرد

بەرد

بەرد نا,

سێبەری دەجووڵێ

3

گوڵ...

باخ گوتوویەتی

منیش،

تۆ!

4

سۆباکە پێکە
منداڵەکە سەرمایەتی
لە وێنەکەدا

5
کە مرۆڤ دەخنکێ:
ئەی ئاو
چەند دڵرەقی!
چەند دڵرەقی!

6
بریا وەك تەبەقەیەك
هێلکە
به تەنیا
ژیابام!

7
باڵندە ناخەمە نێو قەفەزەوە
بۆ ئەوەی هەر وا بزانێ
کە ئازادە!

8

دڵ

عەینەن ئاوێنەیەکی شکاو

بە دیوارەوە؛

ئەدی دڵ؟

## دوا دێڕ

قایشی پانتۆڵەکەم پسا
مەخلوقێك پێبوو

هەمان رۆژ
دیسان قایشی پانتۆلەکەم پسا
مەخلوقێك کوژایەوە

بەڵام ئەمجارە غەم دێتە گۆڕێ
جگەرەیەك پێکە
چاوەروان بە
تا بە دووکەڵی خۆی
دەکوژێتەوە

بەر لە نیوەشەو
دیسان دیسانیش قایشی
پانتۆڵەکەم پسا

دوا دێڕی ئەم شیعرە))

نانووسم))

تەنیا دەنووسم:

نانووسرێ

نانووسرێ.

## Tnt

زۆر بە تەنیایی راهاتم

زووش پیر بووم

تۆز و خۆڵی بێزاری

لەسەر پێڵاوەکانم نیشت

نەموێرا لەسەر پێستی وڵاخ دانیشم

جەنگ سپیی کردم

چا گەرمە

دەسەڵات گەرمە

برادەر گەرمە

دەرگە گەرمە

چا و دەسەڵات و برادەر و دەرگە گەرمن

(یار)ی سەر بەخەنەش

وەك دەنكێك شقارتەیە

من لە نێوان ئەم شتانە بەند کراوم

زۆر بەتەنیایی راهاتم

زۆریش پیر بووم
تۆزوخۆڵی بێزاری
لەسەر پێڵاوەکانم نیشت
نەموێرا لەسەر پێستی وڵاخ دانیشم
جەنگ سپیی کردم

دەست لە هەر شتێك دەدەم
دەمسوتێنیێ

ئەدی ئەم هەموو فشەفشەت
لە چییە:
ئینسان؟

# مێگەل

1

سبەینان

خۆر وەك هەنار

خۆی بە ئاسمان هەڵدەواسێت

کە شەو هات

بەر دەبێتەوە!

2

باڵندەکان بە خۆرایی لە ئاسمان دەفرن

هەروا مەبەستەکانمان...

چاڵێك ماوەتەوە:

نەفەرێك نییە!

3

سەگێکی ون

ئێسقانێکی لێ بزر بووە

ئێسقان,

بە دوای تەرمی مندا دەگەرێت

تەرمی من؛بە دوای کێ؟

4

له نێوان قامیشەکاندا

سەدەیەك trووکا

دیتم رووت بوو

پاش ئەمە

پێویستمان بە چوارچێوەیەك دەبێ!

5

من هیچ کاتێکم ناوێ,

تەنها ئەم چزووانەم لێکەنەوە.

سەرەمێکوتە دەبێژێ:

سورەتی یاسینم بۆ بخوێنن.

6

له دیمەنێکدا:

کورێك تا پێڵاوی دەدرێ,دەروا

کورێك شەرم لە جەستەی خۆی دەکا

کورێك پر بە ژوورەکەی پێ دەکەنێت

بەخۆی!

کورێك غاردەدات و

هەر لە شوێنی خۆی چەقیوه

کورێك خۆی رووت دەکاتەوە
بە دیار وێنەی کیژێکەوە.

"ئەمە یادداشتی منە"

7
تاقەتم نییە
کەس بمناسێتەوە
خوردیکەرەوە ئەو وشەیەی لە قوڵاییم
چەماوەتەوە سێبەرم
لە (رووبار) پرد
قافلەیەك
بەرێوەیە.

8
لە خۆم دەنۆرم
فەزای بینینم ناگاتە هەموو شوێنێك
واتە من خۆمم لێ دیار نییە
مادام جەستەی من کونکونە
پێم بڵێ :خۆت لە کامەیان مەڵاس داوە؟

9

تووند پێ دەکێشم بەسەر زەویدا

مردووەکان وە خەبەر دێنم

((وابزانم ئەم شیعرە

بە من تەواو ناکرێت)).

24

دەنكێك حەب نا,

گوڵلەیەكم بەرێ

ئاو؛ دەیتەقێنێ

لەنێو مندا تەرمێك دەنێژرێ

باس و خواستی زەمانە وایە ئیتر.

25

باس و خواستی زەمانە وایە ئیتر

من بە تەنیا

لەم دەوروبەرەدا

نان و شەراب دەخۆم و دەخۆمەوە

لەودیو قەمیسەكەمەوە

پەراسوەكانم دیارن

ماندووم

تومەز سوارچاك مردووە

هەست دەکەم بەرەو لووتکە دەڕۆم.

26

هەست دەکەم بەرەو لووتکە دەڕۆم

قاڵدرمەیەکم پێویستە

بەم زووانە بە کارەسات دەگەم.

27

.

.

.

## قەوانی مردووان

تەماتە سوورە

هەمووومان ئەمە دەزانین

سبەی

ئاشکرا دەبێ

چ شتێکی تر سوور بووە

دەبا چاوەڕێ کەین...

مەلهەکان

نادییەکان

سینەماکان

چاوەڕوانی موفاجەئەیەکی وان

قەحبەکان

سەرخۆشەکان

دەسپەرچییەکان

چییان بەسەر دێ؟

- سەدان ساڵ لەمەوبەر

ئەم شتانە گوتراون

ئەگەر شتی زۆر گرنگیش

لەم بارەیەوە بڵێی:

(تەماتە خوێنی مردووانە

لە جۆرکێکدا)

ئێ خۆ منیش...

وەك پارچەیەك

گۆشتی بن دەستی قەساب .

## بۆ ئیڤان یان هەر کەسێکی تر

1

کە وێنەکەتم بینی

سێبەرم تا ئەوبەری شار چوو!

2

لەو کاتەوە

مەمك خرە,

کە حەوا

سێوی دزیوە!

3

کیژێك

ئاوی بەسەری خۆڵدا کرد

خۆڵ,

بووە زەوییەکی چکۆڵە

نەك قور.

4

له ژێر باراندا

کەپووم وەك بەلوعەی

لێ هاتبوو.

خۆ غەڵەت نییە ئەم رستەیە؟!

5

شێتێك بەربووەوە

نەیدەزانی کڵاوی لە پێ کردووە!

6

سبەینان

لە ژوورەکەم نا,

دەمەوێ

لەدڵی هەموو کەسێکدا

رۆژ بکەمەوە!

7

توند

(خۆم) بەباوەشتەوە دەنووسێنم

خواحافیزی له (خۆم)  دەکەم.

8

شەوان

مەرەکان وێك دێنەوە؛

وەك سەموون

وەك ئارد,

پەرش و بڵاو دەبن

بە رۆژیش!..

9

دەنووسم

_دەنووسم؟!

سینی لابە

دەنووم

_دەنووم؟!

هەموو کردەیەك نووسینە!

10

برنج و مەرەگە پێکەوە

شۆردەکەمەوە

.

.

.

خوارێ

بەر لە نوقتە

بە ئەرك نەبێ دابەزین هەیە!

## له ماڵی براکەم دا

له سـەر جیێ دا

رێك لە سـەر جیێ دا

دانیشـتووه

(پانتۆڵ و کڵاو و قەمسـەله و ڤیتامین K و ...له کوێن؟)

له سـەر کورسـی دا

رێك لە سـەر کورسـی دا

پاڵکەوتووه

(کۆڵۆن و قردێله و سـوخمه و ڤیتامین E و ...له کوێ نین؟)

له سـەر جیێ دا

رێك لە سـەر جیێ دا

کتێب

جگەره

بیرکردنەوەش

له سـەر کورسـی دا

رێك لە سـەر كورسـی دا

نازانم

نازانم

نازانمیش

سـەری رۆناكی لە دەرەوەیە

لە ژوورەوەدا

لە جێگەدا

لەسـەر كورسـیدا.(1=2)

## برگەی چەور

_1ئەو

_1بیرم دێ

_2وەك من

_2جارێکیان

_3بەدبەخت

_3هیوایەکی

_4بوو

_4هەبوو

## بەرزبوونەوەی وشکانی

لە رۆژنامە خوێندمەوە:
کە من مردووم
ئیتر
بە دوای تەرمی خۆم دا
دەگەڕێم
چاکترین جێگەش کێڵگەیە
کەس ناناسم لەوێ
باکم نییە
چێڵ و رووبار وگرد
دار و گژوگیا...
خزمی هەموو کەسن.

## پاش دەرگا

وەك ئەوەی تابووتێك بم؛

كاوێژ دەكەم

غرەغرێكم لێوە دێ

چەند پارچە تەختەیەك

دەكەونە خوارەوە

لام وایە

شتێكی كۆنە

كە دەبێ ئینسان

دەستی خۆی بگرێ

نەوەكوو لەناكاو بروا...

رۆیشتن پەرتبوونە

زانستی نوێ دەڵێ:

مرۆڤ كە لە رێگەدا دەروا

زەوی (تۆو) دەدا...

تێبینی: خوێنەر دەتوانێ ئەم شیعرە بۆ خۆی تەواو بكا.

## بڵقی مرۆڤ

ئەم کاولە خانووە

هەر کەسێك بە بەردەمی دا

گوزەر بکا

دەبێ بە هی ئەو

ئەو گوتی:

سرووشت مردووە

مردووە ئەوەی دەیانگوت:

ڕەشەمێ سەریەتی

سەریەتی

یان قاچی پێشەوەیەتی

بە ئاودا چووە؟

یان هەر زیندەوەرێك

(لە شیعرێکی درێژدا تەنیا ئەم چەند دێرەی خوارەوەم پێ جوان بوو ,ئەوانیترم فرێ دا)

_1ئەو هەر بەیانییەك و شێوەیەکی تری هەیە.

_2ئەو سیفاتی بارانی هەیە کە دەربکەوێ دڵۆپەکانی لە ئینسان زیاترن.

_3سابوون بە لیفکە خۆی خنکاند.

_4میوەکان خۆیان لە بەقاڵەکان کرییەوە.

_5پینەدۆز بە ماچ,بابووجی ژنانی روحرێژ کرد.

_6ئەو کە ئاسمانێکی کورتە باڵا بوو
دەبووایە بینا بەرزەکان خۆیان نەوی کەن
دەبووایە کەمتر هەناسە بدەین.

_7دەبووایە پشیلە لە ئاسمان نیشتەجێ با
دەبووایە بە دووان پێلاوێك لە پێ کەین.

## خەمێك بە شێوەزاری كرمانجیی ژووروو

1

كە جارێك

بە دەوری ژنێك خولامەوە

پیاوبوونم

لە كن عەیب بوو!

2

مەرەكان

بەچەند دەنكێك بەفر

دەچن.

3

خۆم دەكوژم

بەڵام دەبێ لە نزمترین باڵاخانە

خۆم فڕێ دەم

تا زووتر بمرم.

4

نانەوایەك گوتی:

ئەگەر خودا جەستەی هەبووایە

هەموو نانەکانم

لە شێوەی ئەودا دروست دەکردا!

5

دەنگێك لە بن

قونم دا

هەڵبەز و دابەز دەکا؛

ئەلو!

6

ژن :ماست

پیاو :ئاو

فێنکایی هاوین

لە جامێك ماستاو دایە!

7

ونم کردی

ئێستا چۆن بتوانم

ئەم هەموو ماسکە لابدەم

تا بتدۆزمەوە؟

## ئاوێنەکان یەکتری نابینن

کانە ئاگرینەکان لە نێو دەرپێم دا فیچقە دەکەن

کانە ئاگرینەکان لە نێو دەرپێم دا فیچقە دەکەن

کانە ئاگرینەکان لە نێو دەرپێم دا فیچقە دەکەن

کانە ئاگرینەکان لە نێو دەرپێم دا فیچقە دەکەن؟

## شیعری چوارەم

مرۆڤ دووكەڵ دەكا (بە پۆشاك)

مرۆڤ دووكەڵ دەك ( بە دەرپێ قوتە)

مرۆڤ دووكەڵ دەك (بە رووتی)

مرۆڤ دووكەڵ دەكا (بەو شتەی كە نایزانم) ...

## شەممەی زستان

ئەم شیعرە وەها دەست پێدەکا:

خۆ خۆم دەکوژم

بەڵام لە هەر کوێیەك خۆم فرێدەم

دەکەومەوە نێو ئینسانەکان!

رێك وەك ئەوەی گوتت:

مرۆڤ لە کاتی خۆکوشتندا

بیر دەکاتەوە؟

***

شی بوومەوە

چیتر دۆخی ئاسایی نامگرێتەوە

خۆی.

رێك وەك ئەوەی گوتت:

خۆ مرۆ نییە

یەك قالبی هەبێ.

***

لە کاتی نان خواردندا

تامی مرۆڤ دێ

ڕێك وەك ئەوەی گوتت:
شەقام هی ئێمە نییە
هی ئەوانەیە کە دەبنە سەیارە
واتە بەشی پێشەوەی تۆ
شەقام نییە!
***
نهۆمی هەشتەم
لە دەست کەسێك کەوتە خوارەوە
من لە نهۆمی نۆیەم
بەجێماوم!
ڕێك وەك ئەوەی گوتت:
لە خوارەوە
باران دەبێتە پشیلە.
***
لە
پشت تۆوە,
من و تۆ یەکتریمان دیت
چادرمان هەڵدا و ڕۆیشتین
ڕێك وەك ئەوەی گوتت:
کلاسیك ڕۆیشت
بۆ خانووە بەرزەکان.
ڕێك وەك ئەوەی گوتت:

من و تۆ

شۆڕدەکەینەوە خوارەوە

جێی ئاو هەمیشە قووڵاییەکانە.

***

هاوارم کرد و ڕۆیشتم

کەوتم و هەستامەوە سەر پێ

گەڕامەوە خاڵی سەرەتا

هاوارم کرد و ڕۆیشتم

ڕێك وەك ئەوەی گوتت:

پێڵاوەکان بە تۆ ناچن.

***

دەنووسم تا لە ماڵ دوورکەومەوە

پشیلە سەربان و کۆڵان

لە بن زستان

پەرینەوە.

ڕێك وەك ئەوەی گوتت:

چاوی تۆ ڕەشە

چاوی تۆ نوکتیژە

(تۆیان وەها گێڕایەوە).

***

من و تۆ

من و تۆمان هەیە.

ڕێك وەك ئەوەی گوتت:

ناویشت نازانم

بەڵام خۆشمدەوێی.

تێبینی: ئەم شیعرە تەواو نەبووە بڵام حەزم کرد لەگەڵ ئەم کۆمە ڵەشیعرە بڵاوی بکەمەوە.

## موعتاد

## چەپ و ڕاست

له خەو هەڵدەستم
کەس دیار نییه
نه پارووه نانێکم بداتێ
نه باوەشێکی گەرم.

جانتاکەم له شان دەکەم
دوو رێگا
نا!
زیاتر هەن
بۆ دەربازبوون له ماڵەوه:

سەیری لای چەپ دەکەم
کابرا پیرەکەی دراوسێمان
بەرێ دەکەوێ
بۆ سەر گۆری ژنەکەی.
دەسکێك گوڵی سووری
له دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی داناوه.

سەیری لای راست دەکەم
ئەو پیاوەی کە باوکمی کوشت
دوای ئەم هەموو ساڵە,
تازە ماڵەکەی دەگوازێتەوە.
رەنگە لە ترسی من بێ؛
(ئایا من ئەوەندە ترسناکم؟)
سەیرە!
من تا ئێستەیش
پێوەندیم لەگەڵ نەپچراوە.

ئەی کەواتە ئەو چیتری دەوێ؟

بەو رێگایەی بەرابەرم دا
دەڕۆم.

ئەمرۆ دەمەوێ ئینسان بم،
نەك شتێکی تر،
هەر بۆیە کتێب و دەفتەرەکانی خوێندنم
لەگەل خۆم هەڵنەگرت.

سەیری لای راست دەکەم
کچۆڵەی جوانکیلە لە نێو قوتابخانەوە

تەنیا سەریان دیارە.

سەیری لای چەپ دەکەم

دەبینم ئێوارە داهاتووە

بەڵام من لە رۆیشتنی خۆم دا

بەردەوام دەبم.